

هەندێك لە ژنان
لە تەعزیەكاندا
ژن بۆ
كوڕەكانیان
دەدۆزنەوە و
كچەكانیشیان

# چی لەپرسەی ژناندا دەگوزەرێ ؟

راپۆرتی شیلان محەمەد ئەمین

لە هەر كۆڵانێكدا پرسەیەكی تێدا بێت، دەستە دەستە و كۆمەڵ كۆمەڵ ژنانی عەبارەش لە گۆشە و كوچە جیاجیاكانی شارەوە، بەرەو رووی دێن، ئەوێ بۆ زۆرێك لەو ژنانەی دەچنە پرسەكە جێی وەبیر هێنانەوەی مردووەكانیان و گریانیانە بۆ ئەو دنیا بێوەفایەی كە بۆكەس نامێنێتەوە ، بەڵام هەندێكیتر لەو ژنانەی دەچنە پرسەكانەوە لەلایەك بۆ روپامایی كەس و كاری مردووەكە و لەلایەكیترەوە بۆ زانینی دوایین هەواڵ ودەنگوباسی گرنگی كۆمەڵایەتی دەچن..

نەسرین حەمەتۆفیق تەمەن 45 ساڵی ژنی ماڵەوە، لەبارەی پرسەی ژنانەوە پێی وایە پرسە بۆ سەرە خۆشیە لەبنەماڵەی مردووەكە نەك حیكایەت گێڕانەوە " ئیمڕۆ ژنان كە ئەچنە تەعزیە ، بە تریقەتریق و حیكایەت گێڕانەوە لەجێی سوككردنی بارو خەمی سەرشانی خاوەن مردوەكە، باری گرانتر دەكەن " پێشی وایە نەچونیان باشترە لەو حاڵە، نەسرین باسی لەوەش كرد كە پرسەی ژنان وێستگەی یەكتر بینین و ئاگاداربوونە لە دوایین دەنگوباسی یەكتری" ئەمە هەرچەن زۆربەی یەخەی خۆیشمی گرتووە ، بەڵام تەعزیە هی ئەم قسەوباسانە نیە "..

سەبریە عەلی 55 ساڵ ژنی ماڵەوە رەخنەی لەو ژنانە گرت كە دەچنە پرسە و سەری حیكایەت دادەمەزرێنن " زۆر عەیبە بچیتە تەعزیەی خەڵك و لەوێ بەبەرچاوی كەس و كاری مردووەكەوە سەری حیكایەت بۆژنان و بۆ قسەی پڕوپوچ و زەم و زەمكاری خەڵكی دابمەزرێنیت " ئەو باسی لەوەش كرد كە تەنانەت گوێ بە قورئان خوێندنەكەش نادەن " وای لێهاتووە یەك دنك گوێ بە قورئان خوێندنەكە نادەن و لەوكاتەدا دەنگیان زیاتر بەرز دەكەنەوە ،چونكە دەنگی قورئانەكە ناهێڵی لەیەك حاڵی بن "..

فەخری غەفوور ژنێكی بەتەمەنی رووخۆش بوو ئەو پێی وابوو پرسەی ژنان جێی هەموو قسەیەكی تیا دەبێتەوە "لەبەر گلەیی كردنی كەسو كاری مردووەكە مەجبووری چەند



جارێك سەریان لێبەیتەوە تا گلەیی نەكەن، چوونەوەی چەند جارێكیش وات لێئەكات هەموو قسەیەك ببیسیت و هەموو قسەیەكیش بكەیت" ئەو هەروەها باسی لەو حاڵەتە نائاساییانە كرد كە لە پرسەكاندا روودەدەن " یەكێ ماڵی كرێی دەوێت و یەكێكیتر دوكتۆری ژنانە و ئەویتر بەدوای ژناندا بۆ كوڕەكەی ئەگەڕێ، كە ئەمانە بەراستی قسە و باسی تەعزیە نیە و بەعزێ كەس ناچارت ئەكا جوابی بدەیتەوە"..

سەلما حەمەعەزیز 51 ساڵ باسی لەوە كرد كە هیچ كاتێ نەبووە تۆ بڕۆیتە تەعزیە و تا لەوێیت بگرییەت ، خۆ ئاوی چاوت دێت "چەند جار لە تەعزیەدا دراوسێی كۆن و ناسراوی خۆمانم بینیوە و بە نیو سەعات قسەمان كردووە، ئەی ئەكرێ بێ هەواڵپرسین بڕۆیت و مەرحەبایی نەكەیت، خۆ هەمیشە كەس و كاری مردووەكە خۆشیان ناگریەن" سەلما ئاماژەی بەوەدا كە بكرێ یان نا پرسەی ژنان نابێتە هی پیاوان، ئیتر تەبیعەتی پرسەكان ئەوەت پێ ئەڵێت "گەرەكت بێت تەعزیەی پیاوان و ژنان وەك یەك بێت ناكرێت چونكە شوێنی پیاوان زۆر جیاوازە لە هی ژنان و تەبیعەت و تاقەتی پیاویش قەت وەكو هی ژن نیە ، ئەوەیش تەبیعەتی تەعزیەكانە"..

رێزان محەممەد ئەمینیش ژنێكی 34 ساڵی ماڵەوەیە ، پێی وایە لە پرسەی ژناندا باسی هەموو شتێك دەكرێت و قسەو رەخنە و گلەیی و ئەوەی بە خەیاڵی ژناندا بێت باسی دەكەن "لە تەعزیەی ژنانا لەشامەوە بۆ شیراز باس دەكرێت، لە جۆری رەنگی بۆیە و مێشی قژەوە تا زۆر و كەمی ئاڵتوونی بووكی فلانە كەس و تا بڕی ئاوی رۆژانەی بەلوعە" رێزان باسی لەو عادەتەی ژنانیش كرد كە لە حاڵەتی بێدەنگی خاوەن پرسەكاندا و نەگریانی كەس و كاری مردووەكەدا ، ئەوا ژنان لەوەشدا دەكەونە رەخنە لێگرتنیان "ئەگەر خاوەن تەعزیەكە باش خۆیان نەكوتن و نەگریەن، ژنان هەزار قسە ئەكەن چەند جار خۆم بیستومە وتویانە سەیركە چ تاعزیەیەكی سارد و سڕە، داوەشێن بۆ خۆیان و تەعزیەیان یەك كەسیان نابینی بۆی بگریەت، ئەڵێی لێیان زیاد بووە" لەبارەی حساب نەكردن بۆ خاوەن پرسەكە و هەستی ئەوانەوە باسی لەوە كرد كە چەندین جار لە ناوەڕاست ژووری پرسەكاندا پێكەنین دروست بووە "چەنەها جار بۆ ئەوەی دەنگم دەرنەچێت و كەس و كاری مردووەكە پێیان ناخۆش نەبێت لە تاو پێكەنین بە 10 دەقە دەستم بە دەممەوە بووە"..

رابیعە عبدالرحمان تەمەن 59 ساڵی ژنی ماڵەوە باسی لەوە كرد كە ژنان وەك پیاوان ناتوانن رۆژانە بڕۆنە دەرەوە، بەڵام بە هۆی پرسەكانەوە دەچنە دەرەوە ویەكتری دەبینن " لە تەعزیەدا نەبێت بەعزێ كەس یا بەعزێ كۆنە ناسیاو بە ساڵێ جارێ نابینی، من خۆم زۆر جار كە یەكێ لە تەعزیەیەكا ئەبینم ئیتر دوایی یا كاتێكیتر بە پێویستی نازانم بچمەوە بۆ ماڵیان" ناوبراو سەبارەت بە باسی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان و دروست بوونی خزمایەتیش لە پرسەكانەوە پێی وابوو كاتێكی باشە بۆ ناسینی خەڵك و زانینی تەبیعەتیان " من بۆ خۆم لە تەعزیەدا كەسێ ببینم ئەزانم چۆن كەسێكە و بابی چەنە، بۆیە تەعزیە فرسەتە بۆ بینینی كچی باش بۆ كوڕ و قسەیش لەسەر بەشودانی كچ ، من لەبەر ئەوەی خۆم باوك و دایكی مناڵەكان بووم و دوای باوكیان هەر لە زووەوە خۆم گەورەم كردوون، لە تەعزیەیشا ژنم بۆ كوڕێكم هێناوە و كچێكیشم داوە بە شوو "..